

## هونەرمەند

# تەها ئاغاجان

## کۆچی دوایی کرد

هونەرمەند و ئەکتەری بواری شانۆ و دراما تەها ئاغاجان، بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

شەوی ١٥-٢-٢٠١٧، هونەرمەند و شانۆکاری دیاری کوردستان (تەها ئاغاجان) دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد پێنجشەممە ١٦-٢-٢٠١٧ لە ڕێوەڕسمێکدا تەرمەکەی بە خاک سپێردرا.

«هونەرمەند لە ساڵی ١٩٧٠وە لەبواری شانۆ، دراما و سینەما کاردەکات و هونەرمەندێکی بە ئەزموون و لێهاتووی کوردستان و شاری هەولێر بووماوەی چەند مانگێکە هونەرمەند بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی مێشکەوە دەیناڵاند و لە سەرەتای هەفتەی رابردوو نەشتەرگەرییەکی بۆکرابوو و ماوەی ٤ رۆژ بێهۆش بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی باری تەندروستی باشتر نەبووە و بەرگەی نەخۆشییەکەی نەگرت دواجا ماڵئاوایی لە کوردستان و هونەر و هاورێیانی کرد.

تەها ئاغاجان، خەڵکی شاری خانەقینەوە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ـە دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر ساڵی ١٩٨٢، دەسپێکی کاری هونەری بۆ ساڵی ١٩٧٣ دەگەڕێتەوە، تەها ژیانی هاوسەرگیری پێکنەهێنابوو و تەواوی ژیانی خۆی بۆ هونەر و شانۆ تەرخان کردبوو،

تەها ئاغاجان لە نێو هونەرمەندان وا ناسراوە کە تەواوی ژیانی خۆی بۆ هونەر تەرخان کردبوو، لە حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە کە هاتە نێو بواری نواندن زۆر دڵسۆزانە هاتە نێو بوارەکە، خۆشەویستی و عەشقی بۆ نواندن و خزمەت کردن بە هونەری کوردی بە تەواوی لە کارە هونەرییەکانی رەنگی دابۆوە، ئەو لەو ماوەیەدا کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ دەبێت هەمیشە هەوڵی بۆ ئەوە بووە کە چۆن بتوانێت پەرە بە هونەرەکەی بدات و لە رێگای هونەرەوە خزمەتێک بە میللەتەکەی بکات و زەردەخەنەیەک بخاتە سەر لێوی هەوادارانی هونەری کوردی.

وەک دەروێشێکی راستگۆ بۆ کارەکەی لە هونەری کوردی دەروانی و سەرتاپای تەمەنی خۆی لە قۆناغی گەنجی و هەرزەکاری و تا ئەو رۆژەی بەبێ ناز سەری نایەوە تەرخان کرد بۆ هونەر لە بوارەکانی شانۆ ـ دراما ـ سینەما بەجۆرێک هونەری بە مەعشوقەکەی خۆی دەزانی.

لە دوای قەیرانی ئابووری و تێکچوونی بارودۆخی کوردستان لە رووی ئابوورییەوە بواری هونەریش کەوتە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخەوە و کارە هونەرییەکان زۆر کەم بوون و ئەوەی ئەنجامیش دەدرا زیاتر کاری خۆبەخشانە، بەڵام تەها تەها ئاغاجان سەرەڕای ئەوەی کە خۆی هەمیشە هەژار بوو ئامادە بوو خۆبەخشانە کار بکات و بە ئاشکرا بە هونەرمەندانی دەگوت: کێ کارێکی هەیە من ئامادەم خۆبەخشانە لەگەڵیدا کار بکەم، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوە بووە کو هونەری کوردی بەردەوام بێت و خۆیشی کە عاشقی هونەر بوو لێی دانەبڕێت.

لە نێو هونەرمەندان و کەسانی نزیک لە خۆیشی بەوە ناسراو بوو کە کەسێکی دڵ و دەروون و پاک بوو، خۆشەویست بوو لەلایەن هونەرمەندان و ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانناسی


هونەرمەندی کۆچ کردووە بەشداریی زیاتر لە ٢١ بەرهەمی شانۆیی دا کردووە و بە شانۆگەری «مرۆڤ و کێشە» لە ساڵی ١٩٧٣ دەستی بەکاری هونەری کردووە.

ئەو شانۆگەریانەی تەها ئاغاجان رۆڵی نواندنی تێدا بینیوە:

موحازەرەیەک لەپێناوی ئاشتی
دڵدارێکی قرچۆک
یۆلیۆی قەیسەر
بیری ژمارە ٢٣
رەشبەڵەکی مەرگ
بێ سەرپەرشتان
گۆڕەپانی دیموکراسی
دانپیانان
فێڵەکانی جەمۆ
محەمەد و سیوی - نواندن
لاس و خەزال - نواندن
حەمەدۆك - نواندن
مۆرانە - نواندن
گوریس - نواندن
هەژاری - نواندن
پەپوو - نواندن
ئەفسانەی چیای ئاگرین - نواندن
ماندووکراو
شانۆگەری مەمو زین
یولیۆس قەیسەر
چیرۆکی ئەو پیاوەی خۆی کوشت

جگە لەم بەرهەمانە بەشداری زۆریك لە کاری شانۆیی و دراما و فیلمی سینەمای کوردیدا کردووە لەوانە زنجیرە درامای (تۆ بڵێی وابێ) و چەند زنجیرەیەکی دیکە، لە بواری سینەماشدا لە چەند فیلمێک بەشداری کردووە لەوانە فیلمی (سیمای خۆڵەمێش).

تەها ئاغاجان وەك ئەکتەر ناویکی دیارو ناسراو بووە، خاوەن مێژوو و ئەزموونێکی جوانە لە مێژووی بزووتنەوەی شانۆ و درامای کوردی لە هەولێری پایتەخت و کوردستان بە گشتی.









## دلبەر جزیری:

# پێویستە ئەوانە لەیاد نەکەین کە گیانی خۆیان کردە قوربانی وڵات

دلبەر جزیری یەکێکە لەو کچە گۆرانیبێژانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەستی بە کاری هونەری کردووەو سەرەڕای بچووکی تەمەنی توانیی لەو کارانەی پێشکەشی کردوون سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، دلبەر جزیری بە سەرکەوتوویی توانیی فۆلکلۆر و نوێگەرایی لە کارەکانی تێکەڵ بکات.

دلبەر لە بارەی بارودۆخی کوردستان دەڵێ: ئێستا بارودۆخی هەموو پارچەکانی کوردستان تایبەت و ناسکە لە هەموو روویەکەوە، هەر کاتێك کورد دەست بخەنە نێو دەستی یەکتر من زۆر خۆشحاڵ دەبم و هەست بە سەربەرزییەکی زۆر دەکەم، روون و ئاشکرایە هەر کاتێك یەکگرتوو بن و پشت و پەنای یەك بن ئەو کاتە کوردستان وەك قەڵایەکی پۆڵایین هیچ کاتێك ناکەوێت و دوژمنان ناتوانن ریزەکانمان لاواز بکەن و بە ئاواتی خۆیان ناگەن، پێویستە تاکی کورد خۆی بە کوردستانی بزانێت و ئینتیما و خۆشەویستیی بۆ کوردستان بێت و کوردستان بە ئێمەوە سەربەرز و ئاڵاکەی گەشاوە دەبێت.

سەبارەت بە ئەرکی هونەرمەندان لەو ساتەوەختەدا جزیری دەڵێ: پێویستە ئێمە ئەو کەسانە لە یاد نەکەین کە گیانی خۆیان کردۆتەوە قوربانی ئەو خاکە پیرۆزە و هیچ کات لە یادیان نەکەین، رێز و حورمەتم بۆ خانەوادەی ئەم قارەمانانە هەیە، هیوادارم گەلی کورد لە دوای کۆتایی هاتنی ئەو شەرە نەگریسەوە ریزەکانی گەلی کورد پتەوتر و قایمتر بێت و هەموومان لە پێناو کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان خەبات بکەین.



# بورجی پەشیمان دەبێتەوە

ماوەیەك بەر لە ئێستا میدیاكانی توركیا هەواڵی جیابوونەوەی هەردوو ئەكتەری توركی بورجی ئەكلای و سارب لیڤیند ئۆغلۆیان بڵاوكردەوە، بەڵام هیچ یەكێك لەم دوو ئەكتەرە بە هیچ شێوەیەك هەواڵەكەیان نە پشت راست كردەوە نە ڕەتیان كردەوە ئەمەش مشتومڕێكی زۆری لای میدیاكان دروستكرد، تاكو پارێزەری بورجی باسی لە هەواڵەكە كرد.

بورجی كە بە (سەلما) ناسراوە لە ڕێگای پارێزەرەكەیەوە رایگەیاند كە ئێستا لە بڕیاری جیابوونەوە پاشگەز بۆتەوە و پێی باش بووە كە دەرفەتێكی دیكە بە سارب بدات بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە ژیانی هاوسەرێتییان، ئەم هەواڵەش هەوادار و جەماوەری هەردووكیان دڵخۆش كرد و لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان خۆشحاڵی خۆیان بەم بڕیارە بورجی دەربڕی و هیوایان خواست كە پاشگەزبوونەوەی لە بڕیاری جیابوونەوە كاتی نەبێت بەڵكو بڕیارێكی هەمیشەیی بێت.

بەر لەوەی ئەم بڕیارە بدات بورجی گشت وێنەكانی خۆی و ساربی لەسەر تۆڕی كۆمەڵایەتی ئەنستگرام سڕییەوە، ئەمەش پروپاگەندەكانی جیابوونەوەیانی بەهێزتر كرد، چونكە پێشتر ناكۆكی زۆریان هەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی كە چەند راپۆرتە هەواڵێك باسیان لە خیانەتی سارب كردبوو لەگەڵ ئەكتەر و نمایشكاری جلوبەرگی توركی دەریا شنسوی.

شایەنی باسە سارب و بورجی لە ساڵی ٢٠١٤ ژیانی هاوسەرێتییان پێكهێنا دوای پێوەندییەكی خۆشەویستی بەهێز.

## سەعدون یونس:
# خەڵک ڕێز لە هونەرمەند دەگرن

هونەرمەندی بەتوانا و خاوەن ئەزموون سەعدون یونس پێیوایە هونەرمەندان وەكو كەسایەتییەكی دیار و بەرچاوی نێوكۆمەڵگا كە خەڵك ڕێزیان لێدەگرن دەتوانن ڕۆڵێكی بەرچاو ببینن لە پێشخستنی كۆمەڵگا و وشیار كردنەوەی خەڵك.

لەم بارەوە سەعدون یونس دەڵێ: خەڵك بە ڕێژەی جیاواز ڕێز لە هونەرمەندان دەگرن و هەموو هەنگاوەكانی هونەرمەندان بەرز دەنرخێنن و بە گوێرەی توانا هاوكارییان دەكەن ئەمەش كاریگەریی دەبێت لەسەر وشیار كردنەوەی خەڵك، لە ئەوروپا و ڕۆژئاوا بە گشتی كەسایەتییە ناودارەكان و زۆر جار كەسانی ئاسایی لە پێناو ئەنجامدانی كارێك یان پرۆژەیەكی خێرخوازی هەڵدەستن بە داهێنانی كارێكی نوێ بە بەجێگەیاندنی پەیامێكی دیاریكراوە و زۆر جاریش مەبەستیان كۆكردنەوەی بڕە پارەیەك بۆ سەركەوتنی كارە خێرخوازییەكەیان.

سەعدون یونس هەروەها دەڵێ: ئەگەر سەیری مێژووی هونەری كوردی بكەین هەمیشە هونەرمەندە كوردەكان لە هەموو بوارەكان شانۆ دراما گۆرانی و مۆسیقا هەمیشە جۆرێك لە ڕۆحی بەرگری لە ناخیان هەبووە و لە كارەكانیاندا گوزارشتیان لە مەینەتییەكانی گەلەكەیان كردووە ئەگەر بە حیوارێكی شانۆیی یان دیمەنێكی دراما یان كۆپلەیەكی گۆرانییەك بووبێت، لە ڕۆژە سەخت و دژوارەكانی سەردەمی بەعس زۆر جار هونەرمەندانمان دووچاری گرتن و ڕاوەدوونان بوونەتەوە، بەڵام سڵیان نەكردۆتەوە و بەردەوام بوون لە نیشاندانی هەستی كوردایەتی خۆیان و دەربڕینی خۆشەویستییان بۆ خاك و نیشتیمان.



## شەنگە کەرکوکی:

# هەمیشە هەوڵدەدەم پەرە بە توانا هونەرییەکانی خۆم بدەم



*** تۆ لـە خانەوادەیەکـی هونـەری لـە دایکبـووی، کاریگـەریـی خانەوادەکـەت چـی بوو بەسەرتەوە؟**

- بێگومان کاریگەرییەکی زۆری هەبووە،چونکە ئەگەر لە خانوادەکەم هونەرمەند نەبووایە رەنگـە منیـش نەمتوانیبایـە ببم بە ئەکتەر و بەو شـێوەیەی ئێسـتا لە شـارەکانی کوردسـتان نەدەناسرام، هەروەها پاڵپشتییەکی سەرەکیم بوون بەتایبەتی دایکم و براکانم.

*** سـەرەڕای پشـتگیری خانەوادەکـەت ئایـا تۆ بەشـێوەیەکی ئەکادیمی هاتیتـە نێو بواری هونەر یاخود وەك حەزێك؟**

-سەرەتا وەك حەز بووە هەرچەندە من زۆر هەوڵمداوە بە شێوەی ئەکادیمیش لە بواری نواندن بخوێنم و ماوەی چوار ساڵە ناوم تۆمار دەکەم بۆ کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی سینەما، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی من دەرچووی پەیمانگای مامۆسـتایانم بەشـی پەروەردەی وەرزشـی، ئەمە وایکردووە کە من لە بەشـی سـینەما وەرنەگیرێم و هەمیشـە دەڵێن ئەم سـاڵ نا ئەم سـاڵ، بەڵام بۆ ئەم سـاڵ پێیان راگەیاندووم کە ناوم دێتەوە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان، جا نازانم ناوم دێتەوە یان نا.

*** ئەو کارە چی بوو کە بەشداریت تێیدا کردو بووە هۆکاری بەردەوام بوونت لە کاری هونەری؟**

- من لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە بە بەردەوام کار دەکەم واتە سێزدە ساڵە بەردەوامم، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەو کارەی کە منی زیاتر ناساند و خۆم تێیدا دۆزییەوە زنجیرە درامای (گەردەلوول) بـوو وجەلیـل زەنگەنـە وەك مامۆسـتایەکی گـەورەی خۆمـی دەزانـم، چونکـە زۆر نهێنی بوارەکەی پێ گوتم و دەتوانم بڵێم بەو رۆڵە توانیم رێچکەکە بشـکێم و ئەو ترسـەی بەرامبەر بە کامیرا هەمبوو شکا.

*** بەشداریت لە ریکلامدا کردووە؟**

- مـن بـۆ خـۆم تا ئێسـتا بەشـداریم لە ریکلامـدا نەکردووە، چونکـە دەرفەتی ئەوەم بۆ نەرخسـاوە، بەڵام لای مـن زۆر ئاسـاییە ئەگـەر رۆژێك لە رۆژان بەشـداری تێدا بکەم ئەگـەر داوام لێبکرێت، چونکە دەتوانین بڵێین ریکلامیـش بەشـێکە لـە هونـەر و ئێسـتا بۆتـە پیشـە و کار هەر بۆیـە زۆرێك لـە هونەرمەنـدە جیهانییەکانی بەشداریی تێدا دەکەن و بە گرنگی دەزانن.

*** چۆن بوو رووت لە کاری دەرهێنان کرد؟**

-مـن بـە خـۆم ناڵێم دەرهێنەرم، بەڵام حەزیشـم هەبوو و ویسـتم شانسـێك بە خۆم بدەم لە بـواری دەرهێنان، هەروەها سیناریۆیەکی جوان هەبوو ویستم کاری لەسەر بکەم، سوپاس بۆ خوا کاری یەکەمم لە فیستیڤاڵی روانگـە یەکێـك بـووم لـە کاندیدەکانی وەرگرتنی خەڵاتی یەکەم لە نێو چەندین فیلمی بەشـدار بوو ئەمەش بۆ من دەستکەوت و جێگای شانازییە، ئێستا سەرقاڵی کارێکی نوێم کە لە خانەقین وێنەی دەگیرێت من کاری دەرهێنەر یی ناکەم، بەڵام کورتە فیلمێکی دیکەم بەدەستەوەیە وەك دەرهێنان.

**کچێکی خاوەن بەهرە و توانایەکی زۆرە و لە تەمەنێکی زوودا هاتۆتە نێو بواری نواندنەوەو تا ئێستا بەشداری جیاجیای کردووە، شەنگە کەرکووکی لە خانەوادەیەکی هونەرمەند هاتۆتەدنیاوەو بەم دواییە لە بواری دەرهێنان تواناکانی خۆی تاقیکردەوەو فیلمەکەی یەکێک بوو لە پاڵێوراوانی بەدەستهێنانی خەڵاتی روانگە، بۆیە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** ئەی کێ هانیدای بۆ دەرهێنان؟**

- دایکم بەشێوەیەکی سەرەکیی هانیدام و هەمیشە وزەبەخشی ئێمە بووە، کاتێك پێمگوت بە نیازی کارێکی دەرهێنان بێ دوودڵی گوتی بیکە و بڕوات بە خۆت هەبێ، چونکە من دڵنیام سەرکەوتوو دەبی لە کارەکە. کاتێك فیلمەکەشم لە فیستیڤاڵی روانگە پاڵێورا بوو من باوەڕم نەدەکرد، هەر ئەمەش بووە هۆکاری بەردەوام بوون و گەڕان بە دوای کاری نوێدا بگەڕێم.

*** ئەو فیلمەی تۆ (فڕین بەرەو ژێرزەوی) کە لە پاڵێوراوی خەڵاتی باشترین فیلمی روانگە بوو، باس لە چی دەکات؟**

- ئەم فیلمە باس لە ئازار و مەینەتییەکانی ئافرەتان دەکات و تێیدا سێ شتی سەرەکیم کۆکردۆتەوە ئەوانیش بریتین لە: تواناکانی ئافرەت، شەڕی داعش و تواناکانی پێشمەرگە بۆ رووبەڕووبوونەوە، من لەم فیلمەی خۆمدا باسم لە ژنە پێشمەرگەیەك دەکات کە لە باخچەی ساوایان کار دەکات، هەروەها هاوسەری کەسێك کە چەکداری داعش بووە و کوژراوە، ئەم دوو ئافرەتە لە یەك شوێن کار دەکەن بۆ پەیدا کردنی بژێوی منداڵەکانیان، بەشێوەیەکی گشتی فیلمەکە باس لەوە دەکات کە ئافرەت دەبێتە قوربانی لە نێوان هاوسەری و کۆمەڵگایەکی پیاو سالاری.

*** فیلمەکەت باس لە مەینەتییەکانی ئافرەت دەکات، پێتوایە ئافرەتی کورد لە رێگای سینەماوە دەتوانی چی بکات؟**

- ئافرەتی کرد زۆربە توانایە و توانەکانی بێ سنوور و تواناکانی زۆر لە پێشبینییەکانی ئێمە زیاترن، چونکە تا رادەیەکی زۆر ئازادن و توانیویانە سوود لەو ئازادییە وەربگرن و لە بوارە جیاجیاکاندا کار بکەن، بۆ نموونە من جگە لە کاری نواندن و مەیك ئەپ هەروەها کاری دەرهێنانیش دەکەم و بە دەیان ئافرەتی دیکە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا توانایان هەیە، بە شێوەیەکی گشتی ئافرەتی کورد لە هەر بوارێکی ژیاندا بێت بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆی پەرەی بە تواناکانی خۆی داوە و خۆی پێشخستووە، هەر کاتێك سەرکەوتنی ئافرەتی کورد لە هەر بوارێکدا دەبینم زۆر دڵشاد و خۆشحاڵ دەبم و هەست بە شانازی دەکەم.

*** وەك ئافرەتێك هیچ کاتێك لە کارەکەتدا رووبەڕووی چەوسانەوەی پیاوان نەبوویتەوە ؟**

- بڵێین و نەڵێین هەر یەکێك لە ئێمە رووبەڕووی جۆرێك لە ئاستەنگ بووینەتەوە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی من لە تەمەنێکی زوودا هاتوومەتە نێو بواری هونەر و تا ئێستاش بەردەوامم و لە هەمان کاتدا باوك و دایکم خۆیان هونەرمەندن، هەروەها ئەو هونەرمەندانەی کارم لەگەڵیان کردووە، هەموویانم وەك خانەوادەی خۆم زانیوە، بۆیە کەمتر رووبەڕووی ئەم گرفتانە بوومەتەوە، لەوانەیە کەسانێك دوچاری ئاستەنگ و گرفت بووبنەتەوە و کاریگەریشی لەسەریان هەبێت، بەڵام وەکو گوتم بۆ من کەمتر بووە.

*** لە بواری نواندندا هیوا و ئاواتەکانت چین؟**

- من سەرەتا بە کۆمبار هاتمە نێو بواری هونەرەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا بوومەتە ناوێك و کاری دەرهێنانیش دەکەم، ئاواتەکانم زۆرن، بۆیە هەمیشە دەڵێم دەترسم تەمەنم ئەوەندە درێژ نەبێت کە بتوانم گشت ئاواتەکانم بهێمەدی، من عاشقی هونەرم و هەمیشە هەوڵدەدەم پەرە بە کارەکانم بدەم، زۆر جار دەپرسم بۆچی من تەنیا بە کوردی رۆڵ ببینم بۆ لە کارێکی عەرەبیدا رۆڵم نەبێت؟